www.kurdistannet.org
20/01/2002 00:13

# ( بەرۆمان كردنی مێژوو )

## (لێكۆلینەوەیەكی رەخنەئامێز لە رۆمانی( چۆن گەیشتمە لای خوا )

ناله حەسەن
nalakholia@hotmail.com




لەو رۆژەوەی مرۆڤ پێی ناوەتە نێو ژیانەوە، بە چەندین قۆناغی یەك بە دوای یەكدا تێپەریوە. چەندین ئالوگۆری جیاجیا و چەندین لەناوچوون وسەرهەلدانەوەی جیاجیا لە ژیانی مرۆڤایەتی روویان داوە. ماركس و ئەنجلس لە ( مانیفێست وماتریالیزمی مێژووییدا ) بە رۆشنی باسی سەرهەلدانی چینەكان و گەشەی ئەم قۆناغانەی مرۆڤایەتییان كردووە. وە هەروەها ( داروین )یش لە كتێبی

( اصل انواع داروین ) دا، باسی پەیدابوونی مرۆڤ و گەشە و قۆناغەكانی مرۆڤایەتی دەكات. زۆر سەرچاوەیتریش لەم بارەیەوە دواون. ئەم سەر هەلدان و گەشەی مرۆڤایەتییە، جیهانبینی جیاواز و تێروانین و تەفسیری جۆراوجۆری بۆ كراوە. وە لەباری ( سۆسیۆلۆژی )یشەوە دوو رەوەند و دوو پێكهاتە و دوو چینی لە بەرامبەر یەك وەستاو هاتۆتە كایە. كە ئەم دوالیزمە دژ بەیەكە ناواخنی فەلسەفەمان پێشان دەدات.

لەگەل رووبەروو بوونەوەی مرۆڤ لەگەل هاتنی نەهامەتیەكان و كارەساتە تراژیدیە ئافاتییەكانی ژیان و دەست پێكردنی چەوساندنەوە و زالبوونی چینێك بەسەر چینێكدا لەم ساتە بەراییەدا و لەوە بەدوا / كۆیلە و خوا پێداوەكان، جوتیار و دەرەبەگ، كرێكار و سەرمایەدار، پەیدا بوون. لەگەل دەست پێكردنی ئەم رۆمانە رەشەی مرۆڤایەتی ئایین سەری هەلدا. . .

لە بەرئەنجامی بیرتەسكی مرۆڤ لە قۆناغەكانی بەراییدا و سادەیی ئامرازەكانی بەرهەم هێنان، هەردوو چینی كۆمەلگە دەستیان بە پەرچەمی ئایینەوە گرت. بەرەی دەسەلاتدار / بۆ هەرچی زیاتر سەقامگیركردنی دەسەلات و پاراستنی سەروەت و سامان و دەستەمۆ كردنی هێز و توانا و نارەزایەتییەكان و رووبەرووبوونەوەی چینی ژێردەستە و فەرمانرەوا كردنیان.

بەرەی ژێردەستەش/ لە ئاکامی رزگاربوون لە مەرگی شێنەیی و مەینەتیوچەرمەسەرییە هەمیشەییەکانی ژیان و گەیشتن بە فریاد رەسێك و بە دنیایەکی باشتر و بە ژیانێکی خۆش گوزەران و ئاسوودەتر. . .

ئیدی لە بەرەبەیانی ئەو رۆژگارانەدا مرۆڤایەتی لە بەرامبەر خوا دیارە مەبەستمان لە خوا ( سەرچاوەی هەموو دەسەلاتێك ) ە چۆکی دادا. بۆیە دەبینین مێژووی مرۆڤایەتی لەبەرئەنجامی رەشەبای ئەم هاوکێشەیە بە دۆزەخیترین وەرزەکانی مەرگ گەیشتووە. . . لەگەل تیژتربوونی بیری مرۆڤ و چوونە سەری ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا ( ئاستی ژیان و کێشە چینایەتییەکان وپەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان ) لە بەرگێکیتردا دەرکەوتن مێژووی مرۆڤایەتی پراوپرە لە کارەسات /. دەتوانین سەرچاوەی هەموو کارەساتەکان و مەینەتیەکان، لە ئەنجامی پەیدابوونی ( ئایین و خوا ) ببینین. چونکە لە هەریەکێك لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ( ئایین وخوا ) لە بەرژەوەند و قازانجی بەرەی دەسەلاتدار بووە. مرۆڤیش لەوەتەی هەیە لە پێناو مانەوەی خۆی هەمیشە لە ململانێدا بووە (. ململانێلەگەل – خود/ ململانێلەگەل– سروشت ). ئیدی لەوێوە تیۆر و فەلسەفە و جیهانبینی جیاواز پەیدا بوون. لەو رۆژەوەی ئاژاوەو شەری نێوان خێلەکان و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەستی پێکردووە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە گشتییەوە گۆراوە بۆ تاك. یەکەم قۆناغی چینایەتی لە مێژووی مرۆڤایەتی سەری هەلدا ئەویش بە قۆناغی ( کۆیلایەتی ) ناوزەد کرا. لەگەل پەیدابوونی کشتووکال و مالی کردنی ئاژەل و بەرە و پێشچوونی بیری مرۆڤایەتی قۆناغی دووەم کە ( دەرەبەگایەتی ) بوو سەری هەلدا. لە ئاکامی بەردەوامبوونی ژیان و ململانێ لە پێناو مانەوە، سەرهەلدانی مانیفاکتۆریای بچووك بچووك و راگوێزانی ژیان لە گوندەوە بەرەو شار سێیەم قۆناغی مێژووی چینایەتی مرۆڤ کە (سەرمایەداری )بوو سەری هەلدا.

ئەم مێژووی مرۆڤایەتیە، لەوەتەی هەیە خەرمانێك بووە، بۆ نووسەران و شاعیران و فەیلەسوفەکان. / نووسینەوەی مێژوو لە بەرگێکی ئیستاتیکای جوان داهێنانێکی گەورە بووە لە دنیای نووسین. رۆمانی ( **چۆن گەیشتمە لای خوا** ) کە لە نووسینی جەزا جنگیانیە، لە 135 لاپەرەی قەبارە بچووك پێکهاتووەو لە سالی 1999 بە چاپی گەیاندووە.

ئەم رۆمانە بە هەموو کەم و کورتیەکانەوە بە یەکێك لە رۆمانە سەرکەوتووەکانی نێو رۆمانی کوردی دادەنێم. بە تایبەتی ئەمانەی لەم چەند سالەی دوایی بە چاپ گەیشتوون.

کە دواتر ووردتر دێمە سەر باسکردنی چەند گۆشەیەکی جیاجیای رۆمانەکە.

رۆمانی ( چۆن گایشتمە لای خوا ) مێژوومان بۆ دەگێرێتەوە، سەرگوزشتەی ئیبراهیم پێغەمبەر و عیسا پێغەمبەر ومحەمەد پێغەمبەرمان بۆ باس دەکات. لەم رۆمانەدا مێژوو هاتۆتە قسە. گۆشە تاریکەکان و مەینەت و ئازارەکان و خەمی نانی چینی ژێردەستەی کۆمەلگەی کوردی خستۆتە روو. زۆرن ئەو نووسەرانەی کە لە پرۆسەی نووسینیان دا لاپەرەیەك لە لاپەرەکانیمێژوودەکەنە هەوێنی نووسینەکانیان. بۆ ئەوەی پێمان بلێن / گەر دەتەوێ ئایندەی خۆت ببینی ئاورێك لە رابووردووی خۆت بدەرەوە. ( دایك ) ی مەکسیم گۆرکێ و ( عشرە ایام هزە عالم )ی جۆن ریدی رۆژنامەنووس، باسی گۆشەیەك لە مێژووی روسیا وشۆرشی کرێکارانی روسیا و سەرکەوتنی شۆرشی بەلشەفیکمان بۆ دەکەن. ( رۆمیۆ جۆلێت و مەلیك لیر )ی شکسپیر بەشێك لە مێژووی ئینگلتەرا و رۆمانەکانی بەلزاك و جەرمینال ی ئەمیل زۆلا مێژووی فەرانسە و ( کوخەکەی مام تۆمی )ی هاریت بیتشر سناو. تابلۆیەك لە ژیان و مێژووی کۆیلەکانمان بۆ رەسم دەکات. ( قەلای دمدمی عەرەبی شەمۆ و دوانزە سوارەی مەریوانی پیرەمێرد و کانگای بەلای حیسام بەرزنجی و شار ی حسێن عارف و تاریکستان لم ی سەلاح عومەر ) لاپەرەکانی مێژووی کۆمەلگەی کوردمان بۆ هەلدەدەنەوە. هەریەك لەو رۆمانانە و سەدەهایتر زەمەنێکی دیاری کراو و وەرزێکی دیاری کراوی مێژوومان وەبیر دەهێننەوە. دیارە شاعیرانیش شان بە شانی چیرۆکنووسان و رۆماننووسان لەم مەیدانەدا جێیپەنجەیان دیار بووە و توانیویانە سوود لە مێژوو وەر بگرن و بیکەن بە کەرەسەی خاوی نووسینەکانیان و لە شەوە پر ژانەکانی تەمەنیان بێن وورد وورد قژە جوانەکانی مێژوو شانە بکەن. . لەسەردەمەکۆنەکانی

مێژوو لە دەورانی ڕێنسانس و دوای ڕێنسانس یش بە تایبەتی لای یۆنانیەکان وا باو بوو گۆرانیەکان و شانۆگەریەکان و داستان و ئەفسانە و بەسەرهات و سەر گوزشتەکان بە زمانی شیعر دەنووسرانەوە بەرچاوترینیان داستانی ( ئەلیادە و ئۆدیسە ) بوو کە تەقسە ئایینیەکانیان پێدەرازاندەوە. قەرەج ی پۆشکین و کۆمیدیای خوداوەندی دانتی
و( لاوکی هەلەبجە )ی رەفیق سابیر و ( ماچ )ی عەبدولا پەشێو و ( خاچ و مار و رۆژمێری شاعیرێك )یشێرکۆ بێکەس. و. . چەندەهایتر / کە ئەمانەش بەرهەمی ئەو شاعیرانەن کە لە نێو شیعرەکانیاندا ژان و میحنەتی سەردەمێکی دیاری کراوی مێژوومان بۆ بە گوێدا دەدەن و برینەکانی دوێنێمان و لاپەرەی ئەلبوومەکانی بەسەر چوومان هەلدەدەنەوە. پەیوەندیەکی مەدیانەی زیندوو لە نێوان ئەدەب و مێژوودا هەیە. دەتوانین لە پەنجەرەکانی ئەدەب و هونەرەوە لە بالای مێژوو بروانین و کونجە لە بیر کراوەکانی بەسەر بکەینەوە و لە مردن رزگاری بکەین. لە ژێر رۆشنایی ئەم تێروانینە بوو مامۆستای بەرێز ( عەلائەدین سەجادی ) کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی نووسییەوە.
بەو مانایەی هەر میلەتێك و کۆمەلگەیەك گەر ئەدەب و هونەری نەبێت واتە مێژووی نیە بە مانایەکیتر واتە ئەو میللەتە بوونی نیە. . ! ئەگەر برۆکەك دیقەتی بدەینێ دەتوانین، لە چاوی ئەدەبی شکسپیرەوە مێژووی ئنگلتەرا لە سەدەکانی شانزەهەمدا بخوێنینەوە. لە چاوی ا ئەدەبی ( پۆشکین و گۆگۆل ) ەوە سەردەمی دەرەبەگایەتی روسیا و لە چاوی ئەدەبی هاینە و برێخت مێژووی ئەدەبی ئەلمانیا و لە چاوی ئەدەبی نەجیب مەحفوز و جەلال سادق عەزەم مێژووی ئەدەبی عەرەب و لە رێگەی ئەدەبی عەلی ئەشرەف دەروێشیانی و ئەخمەدی شاملو ئەدەبی فارسی و لە رێگەی ئەدەبی بەلزاك و سارتەر و ئەلبێرد کامۆ مێژووی فەرەنسا و لە رێگەی ئەدەبی ئەحمەد خانی و نالی و شێرزاد حەسەنیش مێژووی کورد بخوێنینەوە. فەلسەفەش بۆ مێژوو هەمان کاریگەری و هەمان پەیوەندی لەگەل مێژوودا هەیە، فەیلەسوفەکانی یۆنان و ئەلمانیا و فەرەنسا هەولەکانیان درەوشاوەو لەبەر چاون.
واتە مێژوو و ئەدەب و هونەر / مێژوو و فەلسەفە، پایە بنەرەتیەکانی مەعریفە ( رێژنیزم ) تەواو دەکەن. زمان لە رۆمانی ( چۆن گەیشتمە لای خوا ) زمانێکی سادە و رەوا و بێگرێوگۆلە نووسەر توانێویەتی لەرێگەی زمانەوە، چەشەیەکی هونەری جوان بەخوێنەر ببەخشێ لە بەرامبەر دەق تووشی نامۆییو بێزاری نەبێت. لە رێگەی بەکارهێنانی هونەریی( فەنتازییاوە ) خوێنەردەگاتە نێو ئەو خەون و خەیالە خۆشانەی کە هەستە شاراوە چەپێنراوەکان لە ژێر کاریگەری سیستەمی / حەرام–حەلال بە قاوغێکی ئەستوور دەورەدراوە و لێیان بێبەشبووە. بەمانایەکیتر لەرێگەی فەنتازیاوە گرێ کوێرەی بوخچەنەکراوەکانی دەروونی خوێنەر دەکاتەوەوپەنجەرەکانی سۆز و عاتیفە و خەونە جوانەکان دەخاتە سەر گازەرەی پشت. رووداوەکان یەکبەدوای یەك بانگمان دەکەن. نووسەر لە بەرگی حیکایەت خوانێك ( الراوی ) رۆمانەکەمان بۆدەگێرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش زمانی کەسی سێیەمی تاك بەکاردرهێنێت کە ئەمەش هونەرێکی باوە لەنێو دنیای رۆماندا. ناوەرۆکی رۆمانەکە بریتیە لە / گەران بە دوای دۆزینەوەی خود، گەران بەدوای وەلامی ئەو پرسیارە قەدەغە وحەرامکراوانەی کە ئاین خودی مرۆڤە رۆژهەلاتیەکانی وونکردووە. !، واتە هەر تاکێکی رۆژهەلات بخوێنینەوە دەبینین بە مۆتەکەی / حەرام–حەلال و بە کاژی شەرم و چەپاندن لوولدراوە. دەتوانین بلێین ئاین کۆمەلگەی رۆژهەلاتی دەستەمۆ و بێ توانا ( بێ ئیرادە ) کردووە. مرۆڤەکان وونن. . . ! پرسیارەکان بێوەلام ماونەتەوە. . . ! خەونە پەمەییەکان زیندە بەچال کراون. ! ئارەزووەکان مردوون. !بە مانایەکیتر / کۆمەلگەی رۆژهەلات یانی کۆمەلگەیەکی مردوو لە " سۆز، خەون، ئارەزوو ".
کاك **جەزا جنگیانی** / بوێرانە پرسیارە قەدەغە کراوەکان دەخاتە روو بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەم پرسیارانەوە خودە وونەکان بدۆزێتەوە یان خودە تامەزرۆ و ئەشقیاکان تێر بکات لە سێکس، لە سۆز و عاتیفە لە گەیشتن بە وەلامە راستییەکان. . . ! نووسەر لەم رۆمانەیدا دەیهەوێ زنجیری کۆیلەتی دەستەکانی بپسێنێت. قوفلی دەرگا داخراوەکانی دەروونی مرۆڤایەتی

بشكێنێت. دەروازە داخراوەكان لە بەردەم راستییەكان بكاتەوە و شەق لە سیستەمی/ حەرام–حەلال و سیستەمی ئایین و سیستەمی باوی وەهم و خورافەكاری بدات. ماتریالیستانە پرسیارەكان دەكات، لە بەرگێكی ئیستاتیكیدا كێشەكان دەخاتەروو، ئایین وەك فاكتەرێكی كوشتنی كۆمەڵگە دەناسێنێ. بەتایبەتی ئایینی ئیسلام. ئەلبوومی ژیاننامەی محەمەد ( پێغەمبەری ئیسلام ) هەڵدەداتەوە. زۆرن ئەو نووسەرانەی كە رەخنەیان لە ئایینی ئیسلام گرتووەو بە دەروازەی ژیاننامەی محەمەدی پێغەمبەر چوونەتە نێو باسەكانیان. عەبدولخالق مەعروفی نەمر لە كتێبی ( مرۆڤ لە كۆمەڵی كوردەواریدا ) یەكێكە لەوانە. چونكە محەمەدی پێغەمبەر ئایینی ئیسلامی لەكەدارتر كردووە. وە هەموو شەر و كوشتار و ئەنفال و تالان و برۆیەكان لەوێوە دەستی پێكردووە. دواتر ئیسلامیەكان یەكێك لە خالە هەرە درەوشاوەكانیان كە شانازی پێوە دەكەن ئەوەیە كە گوایە ئیسلام زیندە بەچالكردنی ژنانی لە دورگەی عەرەبی كۆتایی پێهێناوە. بەلام ئیسلامیەكان وهەموو مرۆڤایەتی دەبێ ئەوە باش بزانن كەوا محەمەدی پێغەمبەر زیندە بەچالكردنی ژنانی لە بەرگێكیتر و بە شێوەیەكیتر دووبارە كردۆتەوە. . . ! ئەویش بە رەواج دان بە ستەم و چەوساندنەوەی ژنان و ریز كردنی ( نۆ) ژن و ئیغتساب كردنی كچۆلەیەكی نۆ ساڵە. جوانترین دیاری دەستی محەمەد بۆ ژنان مەرگی شێنەیی بووە كە پێشكەشی كردوون. لە شوێنێكیتری نێو رۆمانەكە زۆر بە زەقی هەست بەوە دەكرێت كە نووسەر هەوڵی ئەوەی داوە هەندێك لە كەسایەتییە ناسرەوەكانی نێو ئایینەكان وەكو / ئیبراهیم، عیسا، مەریەم. . . بە كوردی بیانناسێنێ واتە بیانسەلمێنێ كە كوردن و لە ناوچەیەكی كوردستاندا لە دایكبوون و ژیاون، رۆژگار زولمی لێكردوون و كەوتوونەتە ناوچە عەرەبنشینەكان. بەلام لە راستیدا، ئەمانە كورد بن یان نا. . ؟ هیچ لە مەسەلەكان ناگۆرێن. جیهانبینی نووسەر بەرامبەر ئایینەكان، خوا، پێغەمبەرەكان زۆر رۆشنە دەبووایە وا بەزەقی خۆی لە قەرەی ئەو باسە نەدابا. راستییەكەی ئەوانە هیچ كارێكی ئەوتۆی باشیان بۆ كورد نەكردووە تاكو ئێمەی كورد بێین شانازیان پێوە بكەین و لە هەوڵی رونكردنەوەی رەچەلەك وبنەچە و باكراوندیاندا بین. پرسیار ئەوەیە خۆ شێخ مەحمود و سەلاحەدینی ئەیوبی یش كورد بوون. . . ؟ ! چیان بۆ كۆمەلگەی كورد لە پاش بەجێما. . . ؟ ئایا كۆمەلگەی كورد لەسەر دەستی ئەوانەوە چ فورسەتێكی مێژووییان بۆ بە دەولەتبوون لە دەستدا. . . ؟ هەر لە درێژەی خستنە رووی ژیانی پێغەمبەرەكان ( عیسا ) مۆری تاوانباری پێوە دەلكێنرێ. نەك لەسەر ئەوەی خۆی چیكردووە. . ؟ لەگەل خواو مرۆڤایەتی باش بووە یان نا، پەیامەكەی باش گەیاندووە یان نا. . . ؟ بەلكو لە سەر ئەوەی ریوایەتێكیان بۆ هەلبەستاوە بە كوری خوا ناویان بردووە. ئەوەتا لە رۆمانەكەدا دەلێ. . ( عیسا / تاوانبارە بەوەی بۆ گەورەیی خۆیی و دەسەلاتی، منی كردووە بە باوكی، یانی من دەست درێژیم لە مریەمی پاككردووە، چۆن توورە نەبم. . ؟ ئەمە تاوانە لە من و لە مریەمی پاك دەكرێ. . . . لاپەرە 68 و 69 ) بەلام لە راستیدا عیسا بە بێگوناهی لە دایكبووە. هیچ گوناهێكی ئەو لەو ریوایەتەدا نیە كە بۆیان هەلبەستاوە. چونكە راستی رووداوەكە لە نێو رۆمانەكە ئاواهیە / مریەم دوای ئەوەی سكی پر دەبێت لە ( لالۆ )ی دلدار و خۆشەویستی خۆی. لەبەر ئەو جیاوازی چینایەتیەی لە نێوانیاندا هەیە ئەم كورە هەژار و ئەو كچە بەگزادە، بەر ئەنجامی ئەو كارەی كە كردوویانە لە بەرچاویان رۆشن و روونە. بۆیە هەر ئەو كات لالۆی ئاشق خۆی دەكوژێ و مەریەمیش سەرهەلدەگرێ. . . دۆل و دۆل، دەشت و دەشت، تا لە ناوچەیەكی عەرەبنشین لای پیرەژنێكی كلۆل دەگیرسێتەوە. . . . ! ئیدی پیرە ژنی داماو لەبەر ژیانی پر مەینەتی و ئازارەكانی خۆی بۆتە ژنێكی پر ئەزموون لە مەینەت و زەحمەتەكانی ژیان. . . ! پیرەژن ئەم ریوایەتە بۆ مەریەمی داماو دادەنێت تاكو لەم كێشەیە رزگاری بكات. ئەویش كە گوایە ( خوا لە شێوەی تیشكێك لە رێگەی دەمیەوە چۆتە نێو لەشیەوەو سكی پر كردووە ) وە بەم زووانە منداڵێكی دەبێت كە منداڵی خوایە و نێردراوی خوایە واتە پێغەمبەرە. . . ! خەلكەكەش هێندە سادە و ساكار بوون باوەری تەواویان بەم ریوایەتە هێنابوو. . . ! واتە عیسا بەر لەوەی لە دایك ببێت پێغەمبەربوو. . . ! لێرەدا عیسای پێغەمبەر بێگوناهە. . . ! من پرسیار دەكەم گوناهی ئەم لەكوێ دایە ؟

گوناه گوناهی عیسا نەبووە. / هەر لە پەیوەند بەمەوە نووسەر هەوڵی داوە کە ئەم خەیالە خورافەکارییە بە درۆ بخاتەوە کە گوایە ( مەریەم لە ڕێگەی خواوە سکی پڕ بووە ). . . !

نووسەر لێرەدا بە پشت بەستن بە بناغەیەگی زانستی ئەویش کە / هیچ ( گەرا و هێلکە و کۆرپەیەك ) بەبێ کرداری نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز واتە ( نێر و مێ ) دروست نابێت. . . ! ئیدی هەر قسەیەك لەم بارەیەوە بکرێت خورافەیە و ناچێتە خانەی ڕاستییەوە. نووسەر بە شەهامەتەوە هاتووە ئەم خورافەکارییەی بە درۆ خستۆتەوە و ڕاستیەکانی خستۆتە ڕوو. ئەوەتا لە شوێنێکی ڕۆمانەکە لە دەمی خواوە دەڵێ. . ( من ویستم ئەو خۆشەویستی و هەڵەێستە مەزنەی مەریەم بدەمەوە و منداڵێکی هۆشیارم پێبەخشی کەچی ئەو منی لکاوی کردوو تا ئێستا چیرۆکی ئەو پیرێژنە بۆتە بروای ملیۆنان مرۆڤ. . . لاپەرە 97، 98 ).

لە پەرەگرافێکیتری نێو ڕۆمانەکەدا نووسەر بەم هەموو ناسکی خۆیەوە لە تێروانین و جیهانبینی خۆی بۆ ( عەشق و ژیان و خەونە ڕەنگالەییەکان و هەستە شاراوە چەپێنراوەکانی ) مرۆڤایەتی، کەچی لە بەرامبەر ئاژەل و دنیای ئاژەلان بە هەمان ناسکی بۆیان ناڕوانێ. . . ! ئەگەر قسەکان لە دەمی خواوە ش کرا بێت کە گوایە سەگ و پشیلە و حوشتر و. . . . . . ئەمانە مرۆڤە درندەکان و سەرکردە سیاییەکان و خەلیفە درندەکانن خوا زیندووی کردوونەتەوە لە بەرگی ئاژەلاندا تاکو لەلایەن مرۆڤەوە بچەوسێندرێنەوە. . . ! ئەمە تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە ئاژەلان. وە بەرامبەر بە سەرکردە سیاسیەکانیش هەمان نەزەری هەلەی دەربریوە. چونکە قەرار نیە هەموو سەرکردەیەکی سیایی درندە بێت. . . ! چونکە( مارکس و ئەنجلس و لینین ) یش سەرکردەی سیاسی بوون کەچی ئەمانە لە هەوڵی بەدیهاتنی( دنیایەکی باشتر) بوون بۆ مرۆڤایەتی نەك درندایەتی. . . ! ئەوەتا لە ڕۆمانەکەدا هاتووە ( لە دۆزەخ خراپتر، زیندووکردنەوەی مرۆڤە درندەکانی سەر زەوییە، بە شێوەی سەگ و پشیلە و حوشتر و گیانەوەرەکانیتر. . . . . تا لەلایەن مرۆڤەوە بچەوسێندرێنەوە. . . . ! لاپەرە 112 ).

ئەمە کورتەی نەزەر و تێبینیەکانم بوون لە سەر ڕۆمانی ( چۆن گەیشتمە لای خوا ).

بە بۆچوونی من کاك جەزا بەوپەری بوێرییەوە ئەرکێکی مرۆڤایەتی خۆی لەم ڕۆمانەیدا بەجێ هێناوە. ئەویش وەلامدانەوەیە بەو کەسانەی مێژوویان بە چەواشەکاری نووسیوەتەوە. یاخود ئەو ئەقلیەتە خورافەگەراییەی لە مێژوودا جێکەوتە بووە. بوێری لە کات و جێگەی خۆیدا بۆ نووسەر مەسەلەیەکی زۆر گرنگە.

زۆر جاران بوێری لە نووسین دەق دەگەیەنێتە لوتکە. . . ! دەرگای ئەفراندن و داهێنانیش لە بەردەم هەموو نووسەرێك ئاوەلایە. دەست خۆشانە لە جەزا جنگیانی دەکەم، بە ئومێدی داهێنانی گەورەترم لێی. . . !.

کەنەدا / بەفرانباری 2002